ویـنـەیەکی شیعری نوێی فارسی



# دەستی دڵداری

# بەرەو ئەدەبی منداڵان

**ئەدەبی منداڵان وەك جیهانەکەیانە ، کەسكو سوور ، خەونی خۆشخۆشو لەپڕو چاوەروان نەکراوی تێدایە .. ولاتیکی رازاوەو بێسەروبنە .. جوانیەکەشی لەوەدایە دووبارە نابێتەوە ..**

کۆمەڵە لایەنێك لە ئەدەبی منداڵاندا هەیە پێویستە ئەوانە فەرامۆش نەکەن ، کە بەراستی سەریان بۆ ئەو جیهانە دەخوریو مەسەلەکە گێچەڵ نییە .. هەرکە فوکولێك بیو بېریتەوە .

١ — زمانیکی بێ گری .. نزیك لە فەرهەنگۆکەی منداڵ .. تا بتوانێ تێی بگاو لێی نەبێتە مەتەڵۆکەیەکی گری دراو ..

٢ — دروستکردنی وردەگری لە چیرۆکی منداڵاندا هێزوپێزیکی لەباری دەداتیو وا لە منداڵ دەکا

گەورە بوو ئەو بیرە شۆرشگیرییەش لەگەڵیدا پێ بگاو بێتەبەر .. لێی نەبی بەشتێکی لاوەکیو نامۆ .. لە ولاتانی سوشیالیستیدا ئەوەندەی بلوی هەول دەدری رەگەزەبنەرەتیو سەرەتاییەکانی فەلسەفەی سوشیالیستی لە ئەدەبی منداڵاندا جێ بکریتەوە ، بەو مەرامەی ئەو بیرە گەشەدارە هاوبەشییەکی دروست بکات لە گەورەبوونی منداڵاندا . . .

بۆیە هیچ جێگای سەرسوورمان نییە

**جەزا عەلی ئەمین**

لادی ئەگەر لە چیرۆکیکدا وشەیەکی دیهاتی تێدابی نرخی چیرۆکەکە کەمناکا ..

٦ — فۆلکلۆر : فۆلکلور گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووەو بە هەزران چیروكو مەتەڵۆکەو بەیتو باڵۆرەی تێدایە . . نووسەری — منداڵان — کەمو زۆر دەتوانی کەلکیان لێ وەرگریو لەگەڵ ئیستادا بیانگونجینی .

٧ — خولقاندنی دەورو بەریکی کوردانە :

ئیمە زوربەمان پێمان خۆش بی یان نا ، لەگەڵ خۆڵە پۆتی کۆلانانو شەقامی قوراویو خانوو بەرەی لاروشتی وادا چاومان کردوتەوە .. جا بەپێی بۆلوان با وا بکەین چیرۆك یان هەر ئاکاریکی دیکەی منداڵان وینەیەکی راستەقینەی ئەو

... ... ... ...
چیرۆکەکە رابدیریو هەولی
ئەوەبدا هەر لە ئیستاوە
بکەویتە دۆزینەوەی
نهینییەکانی ژیان .

٣ — پالەوان لە چیرۆکی
مندالاندا دەبی رەوشتیکی
دیارو ئاشکرای هەبی ..
دوورنییە دژایەتییەکی نادیار
کار بکاتە سەر بیرکردنەوەی
مندالو زیانی پی بگەیەنی .
مندال لاسایی پالەوانی
چیرۆک دەکاتەوە دەست بە
پشتینەوە دەنی . . خۆی
لەبەر دەمریتی .. یان بیزی
لی دەکاتەوە .. جا ئەگەر ئەو
پالەوانە بوودەلە ورازاو دووره
پاریز بی بە شیوەیەکی
نارا ستەو خۆ کار لە
زیانی مندالان دەکاو
بیرکردنەوەیان دەشیوینی .

٤ — تۆوکردنی بیری
یەکیتی‌و مرۆڤایەتی‌و
برایەتی لەناو چوارچیوەی
چیرۆکەکاندا ، بۆیە تا

... ... ... ...
بۆتە هەلگری ئەو بیروباوەرە .
ئەواو ئەواو هەستدەکا
مەسەلەیەکی پیوو داینانی ..
یان نایەوی داینی .. ئەمە
کاریکی بەجییەو دەگەریتەوە
بۆ گرنگی پیدان بە مندال ،
ئەوان باش دەزانن مندال
هەر بەمندالی ئامێتیتەوە ،
بۆیە ملیونان دانەی گوڤارو
رۆژنامەی مندالان لەگەل
تیشکی هەتاوی بەیانیاندا
دەگاتە دەست کۆربەکان .

٥ — نزیک خستنەوەی شارو
لادی ، ئەویش لە ریگای
ئەوەی ژیانی لادیو ئەو
کەرەسەو بابەتانەی لەلادیدا
بە کاردی بە مندالی شار
بناسیندری . یان کەرەسەی
نوی‌ی شارستانی شار
لەگەل بابەتی لادیدا تیهەلکیش
بکری تا بە هەردوولا بابەتیکی
نوی‌ی پتەو لە ئەدەبی
مندالاندا دروست بکەن ،
هەروەها بۆ وشەو زاراوەی



دەورویەرەبی . بزانین لە
کوییەو بۆ کی دەنووسین ؟
ئەمەم بەتایبەتی لەگەل ئەو
نووسەرانەیە چیرۆکی
مندالان وەردەگیرن دەیکەنە
کوردی ! چاکتر وایە ئەوە
رەچاوبکەنو ، وا لەبابەتە
ئەدەبییەکە بکەن بسازی ..
بیکەنە پارووەیکی چەورو
نەرم‌و لەزاران خۆش .

٨ — گرنگی‌دان بەلایەنی
پەروەردەیی نەفسی .
هەولبدری وردە گری
دەروونی مندال بکریتەوەو
بڕەویتریتەوە ، وەك تەریق
بوونەوەو شەرم‌و ترسنۆکی‌و
شتی لەم بابەتانە .. یان
ریکوپیکی لە کاروبارو ژیانداو
کات بەفیرۆ نەدانو
خۆناسین‌و خەلك ناسین لە
رووی پەروەردەییەوە .
منیش وەك یەکیك لەوانەی
سەریان بۆ ئەدەبی مندالان
دەخوری .. پیم خۆشە
ئەگەر توله نامیلکەیەکشیان
بۆ دەنووسری ، شایانی
ئەوەبی لی‌ی بدویین‌و
ببیتە مایەی دلخۆشیو
تەزوو بە مندالاندا بینی !
مندالی کورد تا ئیستاش
گۆڤارو رۆژنامەی تایبەتی‌یان
نەکەویتە بەردەست تا
چاوو دلیان روون بیتەوە .
ئەو دەزگا رۆشنبیرییانەی
هەن چاویان لەم لایەنە
نووچاندووە !

شیعری : ژالە
محمدی مەلا کریم
کردوویە بە کوردی

ئەگەر پەلەوەر نەخوێنی بە سۆز ،
یاخود ئەگەر ئاو نەبێتە سەما ،
شینایی نەروێ ،
پیم نالێی ئاخۆ زەوی چی ئەکا !

★ ★

ئای ! ئەگەر بیتو لیوی دلداری نەخەنیتەوە ،
هیوا لە دلدا نەدرەوشیتەوە ،
گەر شادی نەبی‌و ،
جار بە جاریش ژان ،
ژین چەند بیەك رەنگ ئەبی‌و ، بی‌تام‌و بی‌گیان !

★ ★

من لە کەسیکیوا بەگلەییم
کەوا نیشانەی نائومیدی بی :
روو بکاتە هەر کوی ،
هەوای سارد بکا ،
وەك بەفری زستان ..

★ ★

ئای کە پر شکۆو بەرزو بەسامە
دەستی دلداری ماچ کەی بە دوو لیو ..
بەلام چەند شەرم‌و شوورەیی‌و نەنگە
پیاو ماچیکا دەستی توانای کەسی ..

★ ★

ئاسمان‌و زەوی دلداری یەکن
هەروەك چۆن دەستی من‌و تۆ لقی ذوو درەختی جیان ..
کاتیکیش پیوەند ئەکرین لەیەکتر ،
هەزار گولی سوور .. هەزار میوەی زەرد ..
ئەهینێنە بەرهەم ...